# ئەودیوی دیوار

نووسەری چیرۆک:
ژان پۆل سارتر

وەرگێڕان و شرۆڤە:
ڕەحمان فەرامەرزی
(شۆڕش)

www.ketab.ir

خانی

سرشناسه: سارتر، ژان پل، ۱۹۰۵ - ۱۹۸۰ م. Sartre, Jean Paul
عنوان و نام پدیدآور: ئەودیوی دیوار / نووسەری چیرۆک، ژان پۆل سارتر
وەرگێڕان و شرۆڤە: ڕەحمان فەرامەرزی (شۆڕش)
مشخصات نشر: سەقز: خانی، ۱٤۰۲
مشخصات ظاهری: ۱۲۲ ص؛ ۲۱ × ۱۳ س‌م.
شابک: ۹۷۸-۶۲۲-۵۴۱۷-۰۵-۲
وضعیت فهرست‌نویسی: فیپا
یادداشت: زبان: کردی.
موضوع: عنوان اصلی: Le Mur
داستان‌های فرانسه - قرن ۲۰م
French fiction -20th century
داستان‌های فرانسه - تاریخ و نقد
French fiction - History and criticism
شناسه افزوده: فرامرزی، رحمان، ۱۳۵۸، مترجم
رده بندی کنگره: PQ ۲٦۲۳
رده بندی دیویی: ۸٤۳/۹۱٤
شماره کتابشناسی ملی: ۹۲۸۴۳۸۴

خانی

# ئەودیوی دیوار

نووسەری چیرۆک: ژان پۆل سارتر
وەرگێڕان و شرۆڤە: ڕەحمان فەرامەرزی (شۆڕش)
پێداچوونەوە: جەماڵ کارەشی
چاپی یەکەمی خانی - ۱۴۰۲
تیراژ: ۱۰۰
شابەک: ۹۷۸-۶۲۲-۵۴۱۷-۰۵-۲
دەزگای چاپ: خانی
ڕووبەرگ: ئەحمەد غولامی
پەڕرازێن: ئومید موقەددەس
نرخ: ۱۳۰ هەزار تمەن - ۵۰۰۰ دینار

سەقز، مەیدانی هەڵۆ، چاپەمەنیی خانی، کتێبفرۆشیی هونەر و ئەندیشە
xanipub | xanipub | +98 87 36308402 | www.kurdbook.ir

هەرجۆرە بڵاوکردنەوەی هەموو یان بەشێک لەم کتێبە، بە شێوەی دەق، دەنگ یان شانۆ و...، بەبێ ڕەزامەندیی نووسەر و چاپەمەنی، کارێکی نایاسایی و ڕێگەپێنەدراوە.

# پێڕست

پێشەکی ........................ ٧
دیوار ................................ ١١
بوونگەرایی چییە؟ ................... ٤٥
ژان پۆل سارتر و دیوار .................. ٥٥
شرۆڤەی وردی دیوار .................... ٨١
مەبەست لە دیوار ...................... ١١٧
سەرچاوەکان ........................... ١٢٢

www.ketab.ir

مردن چییه کەس تێنەگەیی تا ئێستا
تەوڕات و زەبوور تا دەگەیە ناوێستا
زۆر کەس لە ژیان دواوە زانایانە
بۆ باسی مەرگ گێل و نەزان ڕاوێستا

جوارینەکانی خەییام (هەژار)

www.ketab.ir

# پێشەکی

کەم کەس هەیە چیرۆک و ڕۆمانی خوێندبێتەوە و ناوی گەورەنووسەری بەناوبانگی فەڕەنسی، ژان پۆل سارتری نەبیستبێت و ڕۆمانەکانی سەرسامی نەکردبێت. منیش وەک زۆرێک لە خوێنەرانی وێژە و ڕۆمان کاتێک تووشی کارەکانی سارتر بووم، لە ساکاریی زمان و پڕمانایی ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی بەڕاستی سەرم سوڕ ما. هەر بۆیە زۆرم هەوڵ دا زیاتر بخوێنمەوە و ڕای هەڤاڵان و چالاکانی دنیای وێژە و ئەدەب سەبارەت بە ناوەرۆکی کارەکانی نووسەرانی بوونگەرا بپرسم و لێیان تێبگەم. بەڵام لە ڕاستیدا بیروڕاکان زۆر جیاواز بوون و کەسانی شارەزاش لەو بوارە یەکجار کەم و دەس‌پێڕاگەیشتنیشیان نەستەم بوو. هەر بۆیە بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی خۆم نەیەم و دەست نەکەم بە وەرگێڕانی چیرۆکەکانی سارتر و شرۆڤەی ناوەرۆکی ئەو شاکارانە. چونکە ڕاستە کە لە زمانی ئینگلیزیدا سەبارەت بە شرۆڤەی ڕۆمانە گەورەکان هەوڵێکی زۆر دراوە و دەدرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەست بە بۆشاییەکی یەکجار زەبەلاح لەو بوارەدا دەکرێت.

www.ketab.ir

لە ڕاستیدا ئەو ڕۆمان و چیرۆکە بەرچاوانە تەنیا مولکی وڵات یان نەتەوەیەکی تایبەت نین، بەڵکوو ئەوانە سەرمایەی ئەدەبیی هەموو مرۆڤایەتین و ناسێنەر و هێمای قۆناغێکی یەکجار گرینگ و بەرچاون لە مێژووی وێژە و فەلسەفەدا. بوونگەراکان بە تێکەڵاوکردنی هونەری وێژە و فەلسەفە، لە ڕاستیدا بەشێک لە گەورەترین شاکارەکانی جیهانیان خولقاندووە و لە بابەتەوە بوونەتە ڕەچەشکێنی گەورەی دنیای ئەندێشەی فەلسەفی. کارەکانی کەسانێکی وەک فڕانتس کافکا و ئاڵبێر کامۆ و فیۆدۆر داستایۆڤسکی و سارتر و هتد، لە هەموو دنیادا ناسراون و کەم کەس هەیە لانیکەم کاری یەکێک لەو نووسەرە گەورانەی نەخوێندبێتەوە. بەڵام ئێمەی کورد بەداخەوە کەم وابووە لە ڕێی زمانی خۆمانەوە لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتە گەورەیە ئاشنا بووبێتین و زۆرتر بە زمانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و هتد ناسیومانن و خوێندووماننەتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە زمانی کوردی بە هۆی بازنەی بەرینی وشە و لێهاتوویی یەکجار زۆری لە بواری وێژە و چیرۆکدا، زمانێکی یەکجار کارامەیە و جێی خۆیەتی بە چڕوپڕییەکی زیاتر ببێتە زمانی ئەو کارە گەورەوگرانانە.

لەولاشەوە بێ‌گومان تێگەیشتنی قووڵ لەو شاکارە هونەرییانەی جیهان کارێکی هاسان نییە و لانیکەم بەشێکی زۆری ناوەرۆکی پڕپێچ‌وپەنای ئەو کارە گرینگانە، لە چاوی خوێنەری ئاسایی دوور دەمێنێت و نابینرێت. بۆیە هەوڵم دا لە یەکێک لە کورت‌ترین و پڕناوەرۆک‌ترین چیرۆکەکانی سارترەوە دەست پێ بکەم و بە وەرگێڕانی ئەو چیرۆکە لە زمانی ئینگلیزییەوە و شرۆڤەی ئەو کارە جیهانییە بەناوبانگە، ئامانجەکە ئەوە بوو کە هەم بە زمانی خۆمان

لەگەڵ ئەو شاکارانە ئاشنا بین و هەم ئەوەی بتوانین ئەودیوی ڕواڵەتی چیرۆکەکانیش بدۆزینەوە و وەک خوێنەرێکی پیشەیی ڕوو بکەینە ئەو شاکارانە و چێژ و بەهرەیەکی زیاتری لێ وەربگرین.

هیوادارم ئەم هەوڵەی من بە دڵی خوێنەرانی بەڕێز بێت و ڕەزامەندیی ئەوان هانم بدات بۆ بەردەوامبوونی زیاتر لەو ڕێگایەدا.

لێرەدا پێویستە سپاسی بێبڕانەوەی ئەو هاوڕێیانە بکەم کە یارمەتییان داوم، بەتایبەت هاوژینی خۆشەویستم، خاتوو خەرامانی قادری، مامۆستایانی بەرز و بەڕێز و هاوڕێیانی خۆشەویستم، دوکتۆر مێهدی ڕەزایی و دوکتۆر ئەحمەدی غوڵامی و هاوڕێی بەڕێزم خاتوو ئاوال نازەری و هەموو ئەو هاوڕێیانەی بۆ خوێندنەوەی دووبارە و هەڵەچنی و هتد، یارمەتییان داوم.

به سپاسەوە
ڕەحمان فەرامەرزی (شۆڕش)
ڕێکەوتی ١ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی

www.ketab.ir